# شیعری مەولەوی لە کەشکۆڵی بڵاونەکراوەدا

ڕزگار جەباری

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە
٢٠٢٤/١٠/١٢

ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی توێژینەوە
٢٠٢٥/٠٦/٢٢

**پوختە:**

مەولەویی تاوگۆزی (١٨٠٦ – ١٨٨٢ز) یەکێکە لەو شاعیرە کوردانەی، کە دەقە شیعرییەکانی لە زۆرترین کەشکۆڵدا تۆمارکراون و بە هەموو ئەو دەڤەرانەی کوردستاندا بڵاوبوونەتەوە؛ کە بەر شەپۆلی قوتابخانەی شیعری کوردیی گۆرانی کەوتوون. تەنانەت بەشێکی لەم دەستنووسانە گەیشتوونەتە وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی ئەورووپی. مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی (١٩٤٩ز) لە کۆکردنەوە و چاپکردنی دیوانەکەیدا، سوودی زیاتر لە (٤٨) دەستنووسی دیوان و کەشکۆڵ و بەیاز وەرگرتووە. بەڵام لەدوای ئەم هەوڵەشەوە، لێرەولەوێ کەشکۆڵی دیکە بەردەستکەوتوون و بەدڵنیاییەوە هی دیکەش هەن کە شیعری مەولەوییان تێدابێت و ڕەنگە شیعری نەدیتراویشیان تێدا بێت. بۆ نموونە بوونی کەشکۆڵێکی دەستنووس، لە میرات و لە شاری کەرکووکدا ماوەتەوە و تاکوو ئێستا ساغ یادگارییەکانی کتێبخانەی تایبەتیی مامۆستا (جەوهەر جەباری)ی شاعیر نەکراوەتەوە. ئەم کەشکۆڵە لە نووسینی (عەبدولقادر کوڕی عەبدوڕەحمانی فاوەجی)یە و لە ساڵی (١٩٠٢ز) تەواوی کردووە. جگە لە چەند شیعرێکی مەولەوی، ژمارەیەک بەرهەمی شیعریی دیکە بە زمانی کوردی (کوردیی ناوەندیی و کوردیی گۆرانی) لەخۆدەگرێت. وێڕای دوو کورتە پەخشان بە هەردوو زمانی کوردی و فارسی و چەند پەراوێزێک. شیعرەکانی مەولەوی بەگشتی دیتراون و بڵاوکراونەتەوە، بەڵام هەندێ جیاوازییان هەیە و کەرەستەی بەراووردکردنە. ئەوەی جێگای بایەخە لە شیعرێکی ئەم دەستنووسەدا کە هی شاعیرێکی هاوچەرخی مەولەوی بووە، ئاماژە بە مەولەوی و پێگەی ئەو وی دەکات. لەم توێژینەوەیەدا وێڕای ناساندنی دەستنووسەکە و بەراووردکردنی شیعرەکانی مەولەوی لەگەڵ تەواوترین و تازەترینی چاپی دیوانەکەی، چەند زانیارییەک لە شێوەی ئامار لەبارەی بەرهەمە شیعرییەکانییەوە.

**وشەی کلیلی**: کەشکۆڵی فاوەجی، شیعری کوردی، مەولەوی.

**پێشەکی:**

مێژووی ئەدەبی کوردی ژمارەیەکی زۆر شاعیر لەخۆدەگرێت، بەتایبەتی شاعیرانی گۆرانینووس کە مێژوویەکی کۆنتری هەیە. بەڵام لەنێوان ئەم ژمارە زۆرەی شاعیراندا، کەمترینیان دیوانیان ماوەتەوە. بۆ نموونە لە (٥٥) شاعیری کورد کە ڕەنجووری لە چامەکەی بە ناوی (شوعەرای کوردستان)دا یادی کردوونەتەوە، نزیک بە (٨) شاعیر دیوانیان کۆکراوەتەوە و چاپ کراوچ ە. تەنانەت شاعیری ئەوتۆی تێدایە تەنها ناوی ماوەتەوە. لەناوچوونی دیوانی شاعیرانی کورد چەند هۆکارێکی هەیە، کە جێگای باسی ئێرە نییە. لە کۆکردنەوەی بەرهەمی ئەو شاعیرانەش، کە ماونەتەوە؛ چەند گرفتێک، وەکوو: جیاوازیی لە تێکستەکان و تێکەڵبوونیان لەگەڵ شاعیرانی دیکەدا. یەکێک لەوانە، دیوانی کۆی شیعرەکانی (مەولەوی)یە. ئەگەرچی لە سەدەی (١٩ز) ژیاوە و دێرین نییە، بەڵام لە سەردەمی خۆیدا خاوەنی دیوانی کۆکراوە نەبووە. بۆ یەکەمجار ساڵی (١٩٣٥ز) چاپ و بڵاوکرایەوە و دواجار تەواوترین و بەرفراوانترین دیوانی ساڵی (٢٠٢٣ز) چاپ و بڵاوکرایەوە. شیعری مەولەوی بەپێچەوانەی هەر هەموو شاعیرانی کورد، نەک نەفەوتاون، بەڵکوو بەختی ئەوەی هەبووە، لە زۆرترین کەشکۆڵ و بەیازدا تۆماربکرێن. ڕاستە ئەمە هێمای گەورەیی پێگەی شاعیرە لەنێو توێژی خوێندەوارانی ئەدەبدۆستدا، بەڵام لە سەرێکی دیکەوە زەبری لە شیعری مەولەویان داوە، کە جیاوازیی کەوتووەتە نێو شیعرەکان، لە پیت و وشە و ڕستە و دێر و ژمارەی دێرەکان و پاشوپێشبوونی دێرەکانی و تێکەڵبوونی شیعری لەگەڵ شاعیرانی دیکە و زۆر بابەتی دیکە.

وێرای چاپکردنی دیوانێکی بەرفراوانیی مەولەوی لەسەر بنەمای زیاتر لە (٤٨) دەستنووسی دیوان و کەشکۆڵ و بەیاز، لەلایەن مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی(١٩٤٩ز) (سەرچاوە) بەڵام هێشتا لێرەولەوێ دەستنووسی دیکە پەیدا دەبن کە شیعری

sjh@univsul.edu.iq

مەولەویی لەخۆدەگرن. لەم توێژینەوەدا کەشکۆڵێکی بڵاونەکراوە دەناسێنین، کە ژمارەیەک پارچە شیعری مەولەویی تێدایە. وێڕای خستنەڕووی پێرستی ناوەڕۆکی کەشکۆڵەکە بەگشتی، دوو تەوەر دەخەینە ڕوو. یەکەم لە سۆنگەی ئەوەی لەم کەشکۆڵەدا شیعرێکی نەدیتراو و بڵاونەکراوە هاتووە کە ئاماژە بە مەولەوی دەکات، بۆیە بە پوختی باسی ڕەنگدانەوەی مەولەوی لەنێو شیعری شاعیرانی هاوچەرخیدا دەکەین. ئەگەرچی مەولەوی نەک تەنها لەنێو شیعری شاعیرانی هاوچەرخیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵکوو لەنێو شیعری شاعیرانی ئەوەی دوای خۆی و تەنانەت لەنێو شیعری مۆدێرنی کوردیشدا ڕەنگی داوەتەوە. هەروەها خستنە ڕووی پێرستی شیعرەکانی مەولەوی و بەراوردکردنیان لەگەڵ تەواوترین چاپی دیوانەکەیدا. لەبەر ئەوەی شیعرەکان پێشتر بینراون و بڵاوکراونەتەوە، بۆیە تەنها یەکەم دێری شیعرەکە لە دەستنووسەکەدا دەخەینە ڕوو، ئەمەش بۆ ئەوەی توێژینەوەکە زۆر درێژ نەبێتەوە. شایانی باسە لەم کەشکۆڵەدا چەند بەرهەمێکی شاعیرانی دیکە هەیە، کە پێشتر بڵاونەکراونەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە سنووری توێژینەوەکەماندا نییە، باس ناکرێن.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەت و گرینگیی توێژینەوە:**

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم تەوەرە، ناساندنی کەشکۆڵێکی دەستنووسی بڵاونەکراوەیە، (٣٣) شیعری مەولەویی تێدایە کە بە هۆی هەندێ جیاوازییەوە، کەرەستەیەکی بەهادارە بۆ بەراووردکاریی دەقەکان لەگەڵ دیوانە چاپکراوەکەیدا لەپێناو گەیشتن بە دوا فۆرمی ڕاستی و دروستیی دەقەکان. هەروەها لەم کەشکۆڵەدا باسی مەولەوی و پێگەی وی لە نامەشیعرییەکی بڵاونەکراوەدا هاتووە، کە بۆ یەکەمجارە دەخرێتە ڕوو.

**سنووری توێژینەوە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو ژمارە شیعرەی مەولەوی کە لە کەشکۆڵەکەدا هاتوون و بەراووردکردنیان لەگەڵ هەمان ئەو شیعرانە کە لە تەواوترین دیوانی چاپکراویدا هاتوون.

**میتۆدی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی و شیکاری بۆ ئەو تێکستانە بەکارهێنراون کە هەڵگری ئاماژە و باسی پێگەی مەولەوین، هاوشان لەگەڵ میتۆدی بەراووردکاری لەنێوان شیعرەکانی مەولەوی لە دەستنووسەکە لەگەڵ چاپی دیوانەکەیدا. وێڕای خستنە ڕووی هەندێک زانیاریی بە شێوەی ئامار. میتۆدی بەراووردکارییەکە بریتییە لە خستنە ڕووی جیاوازییەکان لە دەقی شیعرەکانی کەشکۆکەڵە لەگەڵ دوا چاپی دیوانەکەی مەولەوی کە لەلایەن مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغییەوە لە کۆکراوەتەوە و ساغکراوەتەوە و چاپ کراوە.

**بەشی یەکەم: مەولەوی و پێگەی لە ئەدەبی کوردیدا**

**١-مەولەوی (١٨٠٠ – ١٨٨٢ز):**

سەیید عەبدوڕڕەحیمی کوڕی مەلا سەیید سەعیدی تاوگۆزییە و لە ڕەچەڵەکی پیرخدری شاهۆییە. لەدێی سەرشاتە لەدایکبووە. لەناو خەڵکدا بە (مەولەوی) ناسراو بووە کە (غوڵام شاخان) ئەم نازناوەی پێ داوە. خۆیشی نازناوی شیعری مەعدووم و مەعدوومی بووە. هەروەها لە مۆر و واژۆەکانیدا (الحسینی) بەکارهێناوە. لەم ڕۆژگارەشدا لەناو نەوەکانیشدا ناوی بە (باوە مەولەوی) دێت. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشدا بۆ جیاکردنەوەی لە مەولەوی ڕۆمی (١٢٠٧ – ١٢٧٣ز) بە ناوی (مەولەویی کورد) ناو دەبرێت. (مەولەوی، ٢٠١٣: ٣١)

**٢-بەرهەمە شیعرییەکانی:**

مەولەوی کە مرۆڤێکی سەربە کایەی ئایینی و سۆفیگەری بووە، لە هەمان کاتدا شاعیرێکی لێهاتووە بوو. وێڕای دیوانەکەی، بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی لەو بوارانەدا لە چوارچێوەی هونەری شیعریدا نووسیوەتەوە و بەشێکی زۆریان بە زمانی کوردین و موڵکی ئەدەبی کوردین. بەرهەمە شیعرییەکانی بەم چەشنەن:

sjh@univsul.edu.iq

١-٢-دیوانی شیعر: شیعری مەولەوی سەربە قوتابخانەی شیعری کوردیی گۆرانە و لە فۆڕمدا (مثنوی) جووتسەروایە. بۆ یەکەم جار ساڵی (١٩٣٥ز) چاپ کراو بەپێی دوایین چاپی کە مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە دووتوێی سێ بەرگدا چاپی کردووە، (٢٨١) پارچە شیعر و (٦٤) چوارینە و (٥٧) تاکدێر لەخۆی دەگرێت، کە پۆلێنی کردوون بۆ: عەقیدە و فەرلسەفە و ماناجات: ١٥ شیعر، کۆمەڵایەتی: ٢، سکاڵای دەردەدڵ: ٨٤، شیوەن: ١٩، نامەکان: ١٢٢، بەهارییە: ١٤، وەسف و جوانی: ١، قەتارییە: ٢، فۆلکلۆر: ٥، دڵداری: ١٧ و ساقینامە: ٤. لە کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی ئەم دیوانەدا مامۆستا قەرەداغی سوودی لە زیاتر لە (٤٨) دەستنووسی دیوان و کەشکۆڵ و بەیاز وەرگرتووە. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ٣٣ – ٣٥) ئەڵبەتە جگە لەم کەشکۆڵانە، کەشکۆڵی دیکەش، بۆ نموونە کەشکۆڵی مامۆستا سەیید حەسەنی زەنگیدەری کە (٢٣) شیعری مەلەویی تێدایە. (١٦) پارچەیان لەلایەن خۆیەوە نووسراوەتەوە و (٧) پارچەیان لەلایەن مامۆستا عەبدولقادری تاوگۆزییەوە. (واعیظ، ٢٠١١: ٩) هەروەها ئەم کەشکۆڵە کە لەم توێژینەوەیەدا دەیخەینە بەرباس.

٢-٢-مەنزوومە کوردییەکانی: یەکەم: عەقیدەی مەرضییە: شیعرە و بە زمانی کوردی بنزاری جافی. باوەڕنامەیە و لە (٢٤٤١) دێڕ پێک دێت. دووەم: زوبدەی عەقیدە: شیعرە و بە زمانی کوردیی گۆرانییە. لەبارەی باوەڕ و زانستی کەلامە. سێیەم: عەقیدەی مەولەوی: شیعرە و بە زمانی کوردییە. بۆ منداڵان دایناوە. چوارەم: بەرهەمێکی دیکە: هەر لەبارەی باوەڕەوەیە.

٣-٢-مەنزوومەکانی بە زمانی دیکە: یەکەم: فوائح: شیعرە و بە زمانی فارسییە. باوەڕنامەیە و لە (٥٢٦) دێڕ پێک دێت. دووەم: الفضیلة: شیعرە و بە زمانی عەرەبییە. باوەڕنامەیە و لە (٢٠٣١) دێڕ پێک دێت. دوا بەرهەمی مەنزوومەیشی بریتییە لە تەوەسولنامە. (مەولەوی، ٢٠٢٣: ٢٥٨ – ٢٦٢)

٤-٢-نامەکان: کە تاکوو ئێستا ئەوەی دەستکەوتووە بریتییە لە (٤٧) نامەن کە بە پەخشان و بە گشتی بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و کوردی نووسراونەتەوە. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ١٤٤٠) تەنانەت مەولەوی بە یەکەم کەس دیاری کراوە کە نامە بە زمانی کوردیی ناوەندی (سۆرانی) نووسیوە. (نازدار، ٢٠١٠: ٥٠) لە دووتوێی ئەم نامانەدا پارچەشیعر و چوارینە و تاکدێری بە زمانەکانی کوردیی گۆرانی و بنزاری جافی، عەرەبی و فارسییان تێدایە، کە هی خۆی و شاعیرانی دیکەن.

### بەشی دووەم: باس و شیعری مەولەوی لە کەشکۆڵی عەبدولقادری فاوەجیدا

#### ١-ناساندنی دەستنووسەکە و نووسەرەکەی:

ئەم دەستنووسە بریتییە کۆشکۆڵێکی شیعری و دوو پەخشانی کورت، وێڕای چەند مەشقێک و یەک لیست. ژمارەی شیعرەکان (٧٦) تێکستن کە دووانیان بە زمانی فارسییە و هەموو ئەوانی دیکە بە زمانی کوردین (کوردیی گۆرانی، کوردیی ناوەندی و کوردیی ناوەندیی بنزاری جافی). ژمارەی شیعرە گۆرانییەکان: (٣٧)، ژمارەی شیعرە سۆرانییەکان: (٧)، ژمارەی شیعرە سۆرانییەکان بنزاری جافی (١). ئەم شیعرانە بەرهەمی ئەم شاعیرانەن: فیکری، میرزا شەفیع، صەیدی هەورامی، مەلا ئەحمەدی نۆتشی، بولبول، مەولەوی، والی (غوڵامشا خان)، خەستە، هیجری، کوردی، میرزا ئەولقادری پاوەیی. بەدڵنیاییەوە شیعری شاعیرانی دیکەی تێدایە کە هێشتا ساغنەکراونەتەوە. ئەم کەشکۆڵە لەلایەن کەسایەتییەک نووسراوەتە، وەکوو خۆی لە پەراوێزدا تۆماری کردووە، ناوی عەبدولقادر کوڕی عەبدوڕەحمانی پاوەییە؛ کە دوور لە زێدی خۆی ژیاوە. لەبەر ئەوەی لە پەراوێزدا ئاماژەی بە قەڵای جوانڕۆ کردووە، وا دیارە لە جوانڕۆش ژیاوە. بەپێی شەجەرەنامەی بنەماڵەی (فیکری)ی شاعیر بێت، ناوی کوڕەکانی مەلا عەبدوڕەحمان ناسراو بە مەولەوی، ئەمانەن: فەقێ غەزایی، مەلا بابا، مەلا عەبدولقادر، فەقێ بابا غازی. ڕەنگە نووسەر ئەم مەلا عەبدولقادرە بێت و دەکاتە مامی فیکریی شاعیر، چونکە فیکری کوڕی فەقێ غەزاییە.

#### ١-٢-وەسفی لایەنی دەرەکی:

ئەم دەستنووسە بریتییە کەشکۆڵێک کە دوا مێژوو، ساڵی (١٣١٩ک.م \ ١٩٠٢ز)ی لەسەر تۆمار کراوە. ڕووبەری دەستنووسەکە: ٩*١٩ سم٢. بەرگ: پێستی ڕەنگ قاوەییە. ڕەنگی کاغەز: سپی (قاوەیی داگیرساو)، ئاڵ، زەرد، شین و سەوز. جۆری نووسین: بەگشتی نەستەعلیق شکەستەیە. خەتێکی خۆش نییە و خێرایی پێوە دیارە. تەنها لە چەند شیعرێکدا خەتێکی جوان بەکارهاتووە. قەبارە: لە سەرەتا و کۆتایی و نێوانیشەوە پەڕی لێ کەوتووە. ئەوەی ماوەتەوە (١٣٢) لاپەڕەیە. ئەم

دەستنووسە یەکێکە لە میراتەکانی کتێبخانەی تایبەتیی مامۆستا و شاعیر جەوهەر جەباری (؟ - ٢٠١٨) شاری کەرکووک پارێزراوە کە ئێستا کاک (ئەژی)ی کوڕی میراتگرێتی. ناوەڕۆکی کەشکۆڵەکە شیعری کوردی (کوردیی گۆرانی، کوردیی ناوەندی، کوردیی ناوەندی بنزاری جافی) لەخۆدەگرێت کە بەرهەمی ژمارەیەک لە شاعیرانی کوردە. هەروەها سێ شیعر بە زمانی فارسی، دوو پەخشانی کورت بە زمانەکانی کوردیی ناوەندی و فارسی، چەند پەراوێزێک کە ناوی نووسەرەوە (ناسخ) و ساڵی نووسینەوە تۆمار کراون، لیستی ناوی چەند کەسایەتییەک و دوو پەڕ لە شێوەی مەشق لەخۆدەگرێت. لەلایەن: عەبدولقادر کوڕی عەبدوڕەحمانی فاوەجی (پاوەیی) کۆکراوەتەوە و نووسراوەتەوە. مێژووی نووسینەوەی بەپێی یاداشتی نووسەر لە پەراوێزێکدا دواترین مێژوو تۆماری کردبێت،

**٢-٢-ناوەڕۆک:**

وەکوو ئاماژەمان پێ دا، ئەم کەشکۆڵە لە سەرەتا و کۆتایی و نێوانیشەوە پەڕی لێ کەوتووە، پێرستی ئەو بەرهەمانەی لێی ماوەتەوە؛ بەمجۆرەن:

**شیعری ١ تا ٥**: لەبەر ئەوەی لەنێوانیاندا (ولە) هاتووە، بەرهەمی یەک کەسن. چونکە لە شیعری سێیەمیاندا ئاماژەی بەم نازناوە کردووە. لە پەراوێزی شیعری چوارەمدا یاداشتێک نووسراوە: در قلعەء جوانر[و] انشا گردید. لە پەراوێزی شیعری پێنجەمدا، مێژووی (١٢٩٦) (ک.م \ ١٨٧٩ز). ئەم مێژووە نازانرێت ئاماژەیە بۆ چی. (1r – 2r)

**شیعری٦ تا ٨**: هیچ ناونیشانێکی تایبەتی نییە، بۆیە نازانرێت هی کێن. لە شیعری هەشتەمیاندا ئاماژە بە (مەولەوی) دەکات کە لە تەوەری دواتر باس دەکرێت. (6r – 2r)

**شیعری ٩**: ناونیشان: میرزا شەفیع: یاران دڵبەر کۆن. (6v – 6r)

**شیعری ١٠**: شیعری (خۆ کافرستانی نیۆ)ی صەیدی هەورامییە. (7r – 6v)

**شیعری ١١**: ناونیشان: بسم الله الرحمن الرحیم من کلام ملا احمد نوتشی.(9r – 8r)

**شیعری ١٢**: میرزام نە دۆشەن. (9v)

لە پەراوێزی ئەم شیعرە یاداشتێک هاتووە کە لێی کەوتووە و ئەوەی ماوەتەوە، نووسراوە: سراپا فقیر عبدالقادر ابن عبدالرحمن اصل پاوە حال ساکن طلـ.... از وقت مهجوری و از فەاق دوری یار در حالت پریشانی آه آه از دست دوری سنە ١٣١٢. واتە: سەرتاپێ هەژار و بچووک عەبدولقادری کوڕی عەبدوڕەحمان ڕەچەڵەک پاوەیی ئێستا دانیشتووی .... لە کاتی دوورکەوتەیی و لە دابڕانی یاردا لە دۆخی پەرێشانیدا ئاخ ئاخ لە دەستی دووری ساڵ ١٣١٢ (ک.م \ ١٨٩٤ز).

**شیعری ١٤ تا ٤٦**: شیعری مەولەوییە و لە تەوەری خۆیدا باس دەکرێن.

**شیعری ٤٧**: بە زمانی فارسییە.(25v)

**شیعری ٤٨**: لە کۆتاییدا نووسراوە، تمت کلام والی. مەبەست لە والی، غوڵامشا خانی والی:

میرزام زام حەی میزرام زام حەی کەس نییەن چون من زەدەی زام حەی (26v - 26r)

**شیعری ٤٩**: پێدەچێت ئەم شیعرە لە وەڵامی شیعرەکەی والی بێت:

میرزام زام حەی میرزام زام حەی دڵ نایان دەور داش کەر طەی(29r – 26v)

**شیعری ٥٠**: ناونیشان: یەکێ عابید بی شوغڵش عیبادەت (29v)

**شیعری ٥١**: مەعبوود بێ باک. (30r)

**شیعری ٥٢**: بە سۆز و سفتەی دەروونان. (33r – 31r)

**شیعری ٥٣**: شیعری (یا فەرد ئەعظەم) کە هی مەولانا خالیدی نەقشبەندییە. (33r)

sjh@univsul.edu.iq

**شیعری ٥٤**: ناونیشان: من کلام شیخ ...... (لێرەدا ناوەکە ناخوێنرێتەوە) (34r)

لە دوادێردا نازناوی (خستە) هاتووە. وا دیارە هی (خەستە)ی شاعیرە:

(خەستە) لەوان تــۆ نەناڵێنی لەبەر جــەور و جــەفا

ئەر قەڵەندەر مەشرەبی بۆت لەذذەتە هەمە ڕاحەتە

**شیعری ٥٥**: ناونیشان: من کلام خستە مخاطبا با سید عالم صل الله تعالی عیله و سلم:

یا شفیع المذنبین نەقدی دڵ و ڕووحم فیدات (36r – 34r)

شیعری ٥٦ تا ٥٨: ناونیشان: کلام هجری، (ولە) لەنێوانیاندایە. (37r – 36r)

**شیعری ٥٩**: ناونیشان: کردی (کوردی): عەزیزم لە دڵ بریندارى جەفاتم (37v)

**پەخشانی ١**: پەخشانێکی کورتە بە زمانی کوردیی ناوەندی. بابەت: شیخ زکی الدین. (38r)

**پەخشانی ٢**: پەخشانێکی کورتە بە زمانی فارسی. ناونیشان: حکایت، بابەت: باسی ئەبایەزیدی بەستامی. لە پەراوێزدا نووسراوە: در عید قربان نویشتەشد در شهر ذیلحجە ١٣١٩ الحقیر عبدالقادر ابن عبدالرحمن. واتە: لە جەژنی قورباندا نووسرایەوە لە مانگی زیلحەججە ١٣١٩ (ک.م \ ١٩٠٢ز).بچووک عەبدولقادر کوڕی عەبدورەحمان. (39r)

**شیعری ٦٠**: لە کۆتاییدا نووسراوە: کلام صیدی: دە بۆ لادێ وە لام ئەی بەرگوزیدەم (40r – 39v)

**شیعری ٦١**: بە زمانی فارسییە: تو محی الدین گیلانی. (40v – 40r)

**شیعری ٦٢**: ئەو تەکیە و تفاق ئەو سفرەی عامە. (42r – 41r)

**شیعری ٦٣**: فەلەک خامۆش کەرد فەلەک خامۆش کەرد. (42v)

**شیعری ٦٤**: جەهان ئارای جەم جەمین جەهانی. (43r)

**شیعری ٦٥ و ٦٦**: هەمان شیعرن: سەرانسەر دنیا پێدا گوزەرکەم (45v)

**شیعری ٦٧**: بێ کەس کوشیای ڕای ناهاڵ وێم (46r)

**شیعری ٦٨**: جە حەضرەت ئیبراهیم نیا نە تۆی نار (47r)

**شیعری ٦٩**: تاکدێرێکە بە زمانی فارسییە:

لەسەرەوەی شیعرەکە نووسراوە: تاریخ عمر بسنەء سال شد ١٢٢٩ تاریخ عمر. ئەم مێژووە کۆچی مانگییە و بەرانبەرە بە (١٨١٤ز)، ڕەنگە ئاماژە بێت بە ساڵی لەدایکبوونی نووسەر خۆی. (48r)

**شێعری ٧٠**: واتەن هەر شکار خاطر بگیرەم. (49v –48v)

**شیعری ٧١**: هامسەران تاڵە هەماسەران تاڵە. (50r)

**شیعری ٧٢**: ئەو بەدروارە چین و ماچین کەم. (51v – 51r)

**شیعری ٧٣**: وێم بە عەبداڵ کەم وێم بە عەبداڵ کەم. (52v – 52r)

**شیعری ٧٤**: ئەم شیعرە بە بنزاری جافییە: یاڕەب تەوبەم بێ. (53v – 53r)

**شیعری ٧٥**: ئەم شیعرە هی (قادر)ە لە دێری کۆتاییدا دەڵێت:

(قادر) ئومێدش وە ئەلطاف تۆن      ئەر صەد بازن تاوانش بێ شۆن (54r)

**شیعری ٧٦**: (٢٦٥) دێرە و چەند دێرێکی کەوتووە. ئەم چامەیە داستانەشیعری (کولله و عەینەمەل)ـە. کە لە بنەڕەتدا (٣٠١) دێرە شیعرە: یا کەریم حەق یا کەریم حەق

لە کۆتاییدا پەراوێزێک نووسراوە: تمت شد از دست حقیر فقیر عاصی عصیان بار عبدالقادر ابن عبدالرحمن فاوجی الاصل ١٣١٤ من شهر رمضان. واتە: تەواو بوو بە دەستی بچووکی هەژار یاخیی تاوانبار عەبدولقادر کوڕی عەبدوڕەحمان فاوەجیی ڕەچەڵەک ١٣١٤ (ک.م \ ١٨٩٧ز) لە مانگی ڕەمەزاندا. (64r – 54v)

**شیعری ٧٧**: چامەی سەماو زەمین دوا شیعری کەشکۆڵەکەیە کە ماوەتەوە. نزیکەی (٩٥) دێری لێ ماوەتەوە. لە بنەڕەتدا (٢٠١) دێرە شیعرە: یاران زەمینەن. (68v – 64r)

ئەم چامەیە لەبابەتی خاوەندارێتیدا بەسەر هاتێکی هەیە. سەرەتا کەسێک لە دەفەری باڵەکایەتی بە گۆڕینی بۆ سەر زاری سۆرانی بەناوی خۆی بڵاوی کردەوە. بەڵام بەپێی قسەی فەقێ ڕەشیدی هەمەوەند و مەحموود ئەفەندی کە کچەزای فەقێ قادری هەمەوەند بووە، ئەم چامەیە هی فەقێ قادری هەمەوەندە. (مودەڕیس و فاتیح مەلا عەبدولکەریم، ٢٠١٧: ٧١ و ٧٢) بەڵام بەوپێیەی ئەم چامەیە لە دیوانە چاپکراوەکانی میرزا عەبدولقادری پاوەییدا هەیە، کەواتە لەوێ دەدرێتە پاڵ میرزا عەبدولقادر. بۆ نموونە لە چاپەکەی مامۆستا محەمەد ڕەشید ئەمیندا هەیە. (پاوەیی، ٢٠١٧: ٢٠٢)

**٣-باسی مەولەوی لە شیعرێکی بڵاونەکراوەی کەشکۆڵەکەدا:**

شیعری هەشتەمی کەشکۆڵەکەدا کە باسی مەولەویی تێدا هاتووە، بەردەوامی پێنج شیعرەکەی پێشوو نییە کە هی (فیکری)ن. چونکە فیکری لە ساڵی (١٧١٥ز) لەدایکبووە، (مرادی و حیدر معاذی، ١٣٩٦: ١٤٤) کە نزیک سەدەیەک پێش لەدایکبوونی مەولەوی و سەدەونیویەک پێش دەرکەوتنێتی وەکوو شاعیرێکی مەزن. لە سەرەتاکەی کەوتووە و ئەوەی ماوەتەوە لە دێری دەستپێکەوە ئاماژە بە (مەعدووم) دەکات. ئەمەش نازناوی شیعریی مەولەوییە و گومانی تێدا نییە بۆ مەولەوی نووسراوە. لە میانی شیعرەکەوە دەردەکەوێت کە نامەشیعرییە و لە وەڵامی مەولەوی نووسراوەتەوە. شاعیرەکە وەسفی مەولەوی دەکات و پایەی بەرز دەنرخێنێت. لە وەسفەکانی: مەولەوی بۆ خۆی دیوانێکە بۆ گەنجیەی لاهووتی. موفتییەکی دڵ میهرەبانە لە بیابانی شکۆدارییە. گیانێکی پیرۆزی هەیە. ئەوەی گرینگە ئەم شیعرە بۆ یەکەمجارە بڵاودەکرێتەوە:

(مـــەولەوی) دیوان کـــونووز لاهـــــووت      موفتیی دڵ ڕەحیم سەحرای جەبەرووت

جسمەن موقەییەد نــە ئەجـزای ئـــــافاق      رووحـــەن موقەددەس جـــە ماسیوا طاق

نـــــامەی نـــامی ڕووح ئینشای دەقـیقت      ســـرشتەی ئـــــەبکار فـــیکر عــــەمیقت

یـــــاوا وە ئەو نــــام وە مـــاوای ئەصڵم      زیـــــاد شیرینتەر جــــە مــەزەی وەصڵم

مــــن کەنیان لوطفت طــــفڵان مـــــەلاونۆ      حــــــەق وێم چیم سـانوو وە تۆم بیاونۆ

ئـــــــەر (کلمینی و ارحتا) لـــــــــــــوان      قـــەدەر وێمانەن غـــوڵامیی قـــــــەدرمان

تــــۆ پــەی من پەی تۆ کەسێونی هـــەنی      نسبەت بێ حـــەددەن جــــە ئەعلا تاوەنی

چون نـەفی تەحریر وێت جە وێت ئامان      ئیـــثبات پــــەی دانای موددەعان ئــــامان

[ئەم دێرە لێی کەوتووە و تەواو ناخوێنرێتەوە]

یەک و دوو و چـوار من و تۆ جـە بەین      (مەعدووم) مەحمموودەن نەمانۆ جە بەین (وێنەی-١)

**٤-شیعری مەولەوی لە کەشکۆڵەکەدا:**

بەپێی ئەو ژمارە زۆرەی دەستنووسەکانی دیوانی مەولەوی کە ماونەتەوە، شیعرەکانی زۆرتر لە هەموو شاعیرێکی دیکەمان بارەوبار بوونەتەوە و گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. تا ڕادەیەک کەمتر دێڕێکی هەڵبەستێک هەڵدەکەوێت کە لە هەموو نوسخەکاندا هاوشێوە بن و جیاوازیی دیار و نادیاری لێ بەدینەکرێت. (هەوار، ٢٠١٣: ٨ و ٩) مامۆستا هەوار لە ساغکەرەوەی (دیوانی مەعدووم)دا هۆکاری جیاوازیی شیعرەکان لە نوسخە جیاوازەکاندا لە دوو خاڵدا دیاری دەکات:

یەکەم: خۆشەویستیی کەسایەتیی نووسەرەوەکان و پێگەی شیعرەکان و خۆدەرخستنی نووسەرەوەکان. دووەم: خودی شاعیران بە تێپەڕبوونی کات و دوابەدوا و بارەوباربوونی هەست و بەبارکەوتنی ئەزموونیان، ئەگەر دەست بدات، حەز بە دەستکاریی شیعرەکانیان دەکەن. (هەوار، ٢٠١٣: ٩) بەڵام پێیوایە جیاوازییەکان لە تێکستە شیعرییەکانی مەولەوی، لەلایەن خۆیەوە نەبووە.. ژمارەی شیعرەکانی لە کەشکۆڵی فاوەجیدا لەبەر لێ کەوتنەوە نازانرێت چەند بوونە، چونکە نووسینی (ولە) لە پاش شیعرێکەوە و نەبوونی شیعری دواتر، بەڵگەن لەسەر ئەوەی ژمارەی شیعرەکان لەوەی ماوەتەوە زۆرتر بوونە. شیعرەکانی مەولەوی جگە لە دوو تێکستیان نەبێت، هەموویان ناتەواون، یان نووسەرەوە ئەوەندەی لێ تۆمارکردووە، یان بە هۆی کەوتنی پەڕ و هەڵوەرینی لێواری پەڕەکانەوە، شیعر و دێڕەشیعریان لێ کەوتووە.

**٥-میتۆدی بەراووردی شیعرەکان لەگەڵ چاپی دیوانەکەیدا:**

بۆ ئەوەی توێژینەوەکە درێژ نەبێتەوە، دەقی شیعرەکان بە گشتی ناخەینە ڕوو. بەڵکوو تەنها دێڕی یەکەم دەخەینە ڕوو، تاکوو خوێنەر بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دوایین چاپی دیوانەکەی کە مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە ساڵی ٢٠٢٣دا چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. تاکوو جیاوازیی دەقەکان لە دەستنووسەکەدا بە بەراوورد لەگەڵ چاپەکەدا ببینێت. (د) کورتکراوەی دێڕە لە چاپەکەدا و پەیڤە جیاوازەکان کە خراونەتە ڕوو، سەرەتا هی دەستنووسەکەن و بەرانبەرەکەی هی چاپەکەن.

پێرستی ئەو تێکستانەی ماونەتەوە و بەراووردکردنیان بەمجۆرەی خوارەوەن:

**شیعری ١٤**: ناونیشان: معدوم در جواب. لە چاپەکە (٢٢) دێڕە و لە دەستنووسەکە (١٥) دێڕی ماوەتەوە و ئەوانی دیکە کەوتوون. ئەم تێکستە نامەشیعریی مەولەوییە لە وەڵامی نامەشیعریی بولبولی هاوڕێیدا:

چێشەن پەشێویم ماتەمیی دڵەن　　یا کزەی ناڵەی نامەی بوڵبوڵەن. (12r – 11r)

د١١: دەرد هەنی: دەردێو هەنی. د١٥: وەی خاو قین: مەیل و قین. د١٧: طاقەتش‌ەن: طاقەتش هەن. د١٨: دو خەیل: دوجەیل. د٢٠: ڕای نەجات: ڕای خەیاڵ، چەریدە: تەریدە. د٢١: جاگرتە: خووگرتە. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-٨٤٥ تا ٨٤٨)

لە دوای کۆتادێری چامەکە بەگوێرەی چاپەکە، لە دەستنووسەکەدا ئەم شیعرەی وەلی دێوانە هاتووە کە ڕەنگە تێهەڵکێش کرابێت:
جـــوغد جـا نە سەنگ سەر دیـــارانم

**شیعری ١٥**: لە چاپەکەدا (١٢) دێڕە، لە دەستنووەکە (٤) دێڕە و (٨) دێڕی سەرەتای نەهاتووە. ئەم شیعرەی بۆ ئەحمەد بەگی کۆماسی نووسیوە، کاتێ لێی دوور کەوتووەتە یان کۆچیدوایی کردووە.

ساقی گەرد کۆچ یاران دیارەن　　ها وادەی پیریم نە ئینتیظارەن (13r – 12v)

د١٠: من خۆ: چون من، بار هەر: بارەوەر. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب١-٥٢٤)

**شیعری ١٦**: لە چاپەکەدا (٢٦) دێڕە و لە دەستنووسەکەدا (١٥) دێڕە و دوو دێڕی کەوتووە. ئەم نامەشیعریی مەولەوی بووە لە وەڵامی ئەحمەد بەگی (کۆماسی)دا:

واتم نامانی هەرگیز هـــای چێشەن　　لەب بەردەوە چێش نامەێ پێشەن (13v – 13r)

د٣: مەعنا: مانا، ئاهوی حەیات: ئاو حەیات. د٦: ئیستە: ئیسە، دین: وینی. د٧: کاڵاکەش: کاڵاش، بییەن: نییەن. د٩: دانەن: دامەن، ئیستە: ئیسە. د١٣: کەوتووە. د١٥: یەک حاڵەن: یەکماڵەن. د١٦: لە دەستنووسەکەدا وشەی (دڵ) کەوتووە. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-٧٨٦ تا ٧٨٨)

**شیعری ١٧**: لە چاپەکەدا ئەم شیعرە و شیعری ١٦، یەک پارچە شیعرن. بەڵام لە دەستنووسەکەدا بە (ولە) لێکی جیاکردوونەتەوە. یەک دێڕی کەوتووە و دێڕی یەکەمی دەستنووسەکە بەرانبەرە بە دێڕی (١٧)هەمی چاپەکە کە بەمجۆرە ساغکراوەتەوە:

دڵ طیفل و ئازیز هەر یەک نیشانێ هەر لادێ تەرزێ هەر ڕۆ نە شانێ (14v – 13v)

د٤: بەگوێرەی چاپەکە، هەردوو میسراعەکە پاشوپێش هاتووە. د٥: هەرسیم: تەم

د٢٤: پــەڕ تێدا بەستەن: ئیبتیدا بەستش، شکەشتش: شکەشتەن.

د٢٥: ئـــــاو مزیۆ نــە: ئەو مەزە و ئــەو (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-٧٨٩ و ٧٩٠)

**شیعری ١٨**: لە چاپەکەدا (٢٦) دێڕە. لە دەستنووسەکەدا دوو دێڕی کۆتایی کەوتووە. مەولەوی لەکاتی بینینی کاروانی زیارەتکاران لە زەهاودا ئەم شیعرەی نووسیوە و ناردوویەتی بۆ شێخ عەبدوڕەحمانی جانەوەرەیی:

هانای قافڵەچی دادەن دەخیلم بنکەدار خەم خەیلێ زەلیلم (14v)

د٤: بەگوێرەی چاپەکە، لە دەستنووسەکەدا پاشوپێش هاتووە. د٥: یەک عەرضی: عەرزە دێرم. د٦: هەرس: هەرسم. د٨: سووزن: سووژن. د٩: وە بەند ئەو باد: وەبەند دووباد. د١١: بفەرمە بباران بدان تەنگ: بفەرما بارانی باران بدەن تەنگ د١٢: پێکیای تای دەرد ریسەی خەم گوڵەنگ: هۆنیای تای گرژ ریشەی خەم گوڵەنگ. د١٥: ئاسانەکە، هەراسانەکە، ئاسانەکەن: هەراسانەکەن. د١٦: وایە: وادە. د١٩: چەوگە: چێگە. د٢٠: گیان و تەنش: گیانێوتەرش. د٢٤: سەرمایەی: سەرمایەت (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-١١٤٢ تا ١١٤٥)

**شیعری ١٩**: لە چاپەکەدا (٩) دێڕە. لە دەستنووسەکەدا یەک دێڕی هاتووە.

نـــازک تـــــەدارەک فەصڵ وەهاران ظەریف ئارایش هەردە و کۆساران (14v)

**شیعری ٢٠**: لە چاپەکەدا (٣١) دێڕە. لە دەستنووسەکەدا (٣) دێڕی ماوەتەوە. مەولەوی ئەم شیعرەی بۆ ئەحمەد بەگی کۆماسی نووەسیوە، کاتێ گەشتی کردووە بۆ ڕەشت:

بـــادەی بـــــــێ وادەی فـــــەنام وەردەبۆ

شەرتەن بۆ کامین شەرت یاران کەردەبۆ (15r)

**شیعری ٢١**: لە چاپەکەدا (٨) دێڕە و لە دەستنووسەکەدا (٣) دێڕی ماوە. (15r)

ڕەمەضان طوللوع صوبح شادیشەن شەووال شام شووم نامورادیشەن

د٢:سەخت وێم: سەختمەن، بەدبەخت وێم: بەدبەختمەن (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب١-٥٤٠)

**شیعری ٢٢:** لە چاپەکەدا (١٠) و لە دەستنووسەکەدا (٦) دێڕە کە (٤) دێڕی کەوتووە.

د٥: ساقی سا صەد جار وە نازت نازوو هـــــۆردەرە گوڵبانگ صــــــەدای [ومنازو] (15v)

لە چاپەکەدا لە بری ومنازو، (وامتازو) هاتووە کە لەوێش بەدروستی نەخوێنراوەتەوە.

د٦: وەر جە غەم: وە ڕەغم. ئەم دێڕە لە چاپەکەدا دێڕی نۆیەمە. هەروەها د٧: لە چاپەکەدا دێڕی هەشتەمە. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب١-٥٧٠ و ٥٧١)

**شیعری ٢٣**: لە چاپەکەدا (١١) دێرە و لە دەستنووسەکەدا (٢) دێری ماوە. مەولەوی ئەم شیعرەی بۆ هاوڕێیەکی نووسیوە کە لە کوێستان بووە و وەرزی پاییز داهاتووە و هێشتا نەگەڕاوەتەوە بۆ گەرمیان. لە دێری پێنجەمدا ئاماژە بەمە دەکات:

گەرمەســـــێر دڵ (مەعـدوومی) نـــەبۆ هەوارگەش خاڵین دیدەم دوور جە تۆ (16r – 15v)

د٥: دیدە: قیبلە. د٨: مەی: دەی. هەروەها لە چاپەکەدا دێری (١٥)هەمە. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-٩٦٧)

**شیعری ٢٤**: لە چاپەکەدا (١٣) دێرە و لە دەستنووسەکەدا (١٠) دێرە کە دێرەکانی ٦ و ٧ و ٨ کەوتوون. مەولەوی ئەم شیعرەی لە وەڵامی هاوڕێیەکی نووسیوە کە دیاریی بۆ ناردووە، گوایە ئەو هاوڕێیەی شێخ سیراجەدین بووە:

ڕاحەتیی جەستەی مەینەتبارەکەم شادیی صەفای دڵ پڕ جە خارەکەم (16v – 16r)

د٤: غەریبنەوازییت: غەریب نەوازیی. د١٠: وەقت: وەخت، د١١: گشت: گرد د١٢: جەستەی: ئیسە، سەنگین: سەنگیی (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-٩٠٣ و ٩٠٤)

**شیعری ٢٥**: لە چاپەکەدا (١٥) دێرە. لە دەستنووسەکەدا (١٣) دێرە و دێری یەکەمی کەوتووە.

جەو دما من داد وە لای کێ بەروون نابەڵەد تەنها ڕا چۆن بەرکەروون (17r – 16v)

د٢: تەنها ڕا چون: تەنیا چوان ڕا، د٣: ئەی دڵ: پای دڵ، نەسیم های: های نەسیم. د٤: بکیانە پەرێم: بکیان پەرێ من. د٥: وە ڕووی: وە دووری. د٦: سۆزە: سۆز. د٧: خەم و کزەی ئەو خەم: خەم وە گۆزەی خەم. د٨: مەنمانۆ: نمەنمانۆ، خەیاڵی: خەیاڵ. د٩: لە چاپەکەدا دێری (١٠)هەمە. د١٣: لە چاپەکەدا دێری (١٥)هەمە. دەروون مەینەت خاسەن: دەردتەن مەنەیشان (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب١-٥١٦ تا ٥١٨)

**شیعری ٢٦**: لە چاپەکەدا (١٠) دێرە و لە دەستنووسەکەدا (٩) دێرە. مەولەوی ئەم شیعرەی بۆ شێخ عەبدلعەزیزی جانەوەرەیی نووسیوە:

ئازیزم ئامای ئەی بێقەرار بیم ئای ئای چەمەڕا ئای ئینتیظار بیم (17v – 17r)

د١: بێقەراریم: بێقەرار بیم، ئینتیظاریم: ئینتیظار بیم، چەمەڕای: چەمەڕا. د٢: دیدەم: دیدەش، جاگەی: ماوای. د٦: جامی: جام. د٧: کەروون: کەرۆ. د٩: واق[؟]: دەف. هەروەها لە چاپەکەدا دێری (١٠)هەمە. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-٧٢٧ و ٧٢٨)

**شیعری ٢٧**: ناونیشان: معدومی. مەولەوی ئەم نامەشیعرییەی بەبۆنەی نەخۆشکەوتنی شێخ عەبدولعەزیز لە سنە نووسیوە:

های شەماڵ چەند جار ڕا طەی کەردەنی چەند تەشریف وە لای یاران بەردەنی (18v – 17v)

لە چاپەکەدا (٢٨) دێرە و لە دەستنووسەکەدا (٢٦) دێرە. دێری کۆتایی لە دەستنووسەکەدا نییە.

د٢: هەردە: ئەووەڵ. د٣: وەرشۆ: دەیسە شۆ. د٧: لە چاپەکەدا دێری (١٢)هەمە. د٨: هەسارە: ستارە. د١٨: بدیە: مەدیە. هەروەها لە چاپەکەدا دێری (١٩)هەمە. د٢٠: پووشەکەی جەستەش وە ئایر باوە لە چاپەکەدا نەخوێندراوەتەوە و بەمجۆرە لە کەوانەدا دانراوە (ئاروەبا). پێموایە ئەمە ئاماژەیە بە ئاگری باوەگوڕگوڕ. د٢١: مەدیای: مەدیەی. د٢٢: چەند ژار دووریی گیان ئازیز پێم وەردی، لە دەستنووسەکەدا وشەی (پێم) نەهاتووە. د٢٤: دماو: دمای، جە عازاو: هەر نە دەرد. د٢٥: هەردەنان: هەردمەن، دەردەنان: دەردمەن (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-١٠٧٧ تا ١٠٧٩)

**شیعری ٢٨**: لە چاپەکە و لە دەستنووسەکەشدا (١١) دێرن. لە دەستنووسەکەدا نیودێری کەوتووە.

بەرزان هیلال تار دەوران قەرار دا غورەی شەهر شوور دڵان دیار دا (19r)

د١: شەهر و شوور بە شۆر و شەڕ هاتووە. د١٠: شەوێ: شەوە (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-١١١١ و ١١١٣)

**شیعری ٢٩**: لە چاپەکەدا (٧) دێرە. لە دەستنووسەکەدا (٦) دێرە و دێری سێیەم نەهاتووە.

مەولەوی لە دێری یەکەمدا ئاماژە بە نازناوی خۆی دەکات:

چون چیهرەی خەیاڵ ڕوخسارەکەی وێش    نـــە پەردەوی دڵەی (مەعدوومی)ی دڵڕێش (19v)

د٢: وە: نە، د٥: غەریب: غەریو (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٣-١٢١١)

**شیعری ٣٠**: لە چاپەکەدا و دەستنووسەکەدا (١٥) دێرن. مەولەوی ئەم شیعرەی بۆ شێخ عەبولعەزیزی جانەوەرەیی نووسیوە:

های هوو های چەندین نامان خەبەرێ    تای تامڵ بریان نەسیم سەفەرێ (20r – 19v)

د١: چەندین: چەندەن. د٣: وە نەرم ئەر سەخت شیرین وییارا: وە نەرم ئەر وە لەفظ شیرین وییارا. د٤: لە چاپەکەدا دێری (٥)هەمە. د٥: لێش: وە. د١١: بنیە: بەینێ. د١٢: خەریکم: خەریکەن. د١٤: گرفتاریمەن: گرفتاویی ئەو، دەرد ئینتیظاریمەن: سەخت دڵ ئەوگاریی ئەو. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-١٠٩٧ و ١٠٩٨) لە سەرووی شیعری پاشتر، هاوشێوەی دێرێک هاتووە کە سڕاوەتەوە، ڕەنگە دێری (١٦)هەمەی ئەم شیعرە بێت.

**شیعری ٣١:** لە چاپەکەدا (٢٥) دێرە و لە دەستنووسەکەدا (١٢) دێرە. مەولەوی ئەم شیعرەی بۆ هاوڕێیەکی نووسیوە، کە گوایە شێخ سیراجەدین بووە:

وە خـــــیلافەوە یـــــــــاران سەرمەست    تەقاضای زاتیی طەبعیم هەرچە هەست (20v – 20r)

لە چاپەکەدا: وە خـــــیلافەوەن یـــــــــاران سەرمەس   تەقاضای زاتیی و طەبعیی هەرچیم هەس

د٢: ئاهنم: ئاسنم، د٣: کاروبا: کارەبا، نە دەور کام: نەدەر وە کام. د٧: دەوای: دەماخ

د٨: بۆی دوودم فەردای زیادی دارۆ: بۆی دووم نەفەس فەردایی دارۆ. د٩: کەم کەم: دەم دەم، جەخت: ئەو جەخت. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-١٠٤٩ تا ١٠٥١)

لە پەراوێزی شیعرەکەدا تاکدێرێک هاتووە، بەهۆی لێکەوتنەوە، بە دروستی ناخوێنرێتەوە.

**شیعری ٣٢**: لە چاپەکەدا تەواوکەری شیعری (وە خیلافەوەن یاران سەرمەس)ە. بەڵام لە دەستنووسەکەدا بە هۆی (ولە) لە شیعری پێشووتر جیای کردتووەتەوە کە هەمان شیعری چاپەکەیە. ئەم شیعرە (١٢) دێرە و (٢) دێری کەوتووە.

ئازیزم نامە پێچ مەدۆ چـــون مـــار    نامەی چەم یەکێ ئەسرینان هەزار (21r – 20v)

د١: نامە: خامە، د٥: کەوتووە. د٧ جەی: جەو، بی پەی: پەڕ وەی. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-١٠٥٢)

**شیعری ٣٣**: لە چاپەکەدا (٧) دێرە و لە دەستنووسەکەدا (٥) دێرە. دێری یەکەم لە دەستنووسەکەدا نەهاتووە: دیدەم چـون میقراض بێشەرتیت تیژ کەرد

وات جە تانتەی وەصڵ جەو پەرش وییەرد (21v – 21r)

د٤: شوومە: شووم، سەروازەی: قوڵوەزەی. د٥: بدۆ: بدان. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-٧٧٠)

**شیعری ٣٤**: لە چاپەکە و دەستنووسەکەشدا (٤) دێرە کە نیودێری کەوتووە.

نەواتم عەرعەر سەهەند پەروەردە    بـاخـــەوانان داغ وە تـۆی گڵ بەردە (22r – 21v)

د٢: تۆتۆی: باڵای نەمامان (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-١١٦٣)

**شیعری ٣٥**: لە چاپەکە و دەستنووسەکەشدا (٢٤) دێرە:

ئازیز کام هوون بی دیدەم پێ نەڕەشت    یا کام زووخاو بی دەروونم نەچەشت (21r)

د٤: تەوەن نییەنان: تەونین نییەن. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-٧٢٤)

**شیعری ٣٦**: لە چاپەکە و دەستنووسەکەشدا (١٣) دێڕە:

قوربان قوربابەن جەژنەن شادییەن    دەس نە گەردەنەن ڕۆی ئازادییەن (21v – 21r)

د٤: وە قوربان: قوربانیی. د٥: کەفتە: کۆتە، د٧: مەر پەی (اوسادی): مەرد (ئۆسا دەی)، بێدرێخەکەت: بێدرێغەکەت، دەست: دەس. تیخەکەت: تیغەکەت. د٩: سا تۆیچ خەیرێت پەی وێت کەردەبۆ: سە تۆیچ پەی وێت خەیرت کەردەبۆ. د١٠: ئای رات: ئای راس پێ. د١١: خودایی پەسەند: فیدایی پەسەند (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب١-٥٥٧ و ٥٥٨)

**شیعری ٣٧**: لە چاپەکەدا (١٣) دێڕە و لە دەستنووسەکەدا (١٠) دێڕە. سێ دێڕی سەرەتا نەهاتووە.

ســاقی گەرد کۆچ یــاران هامفەرد        مەدۆ نە دەماخ ئاسیاوی چەپگەرد (22r – 21v)

د١: کۆچ: ئارد، مەدۆ: مەدووم. د٢: چەرخ ئاوەردەوە: چەرخێ وەردەوە، دانەی یاران: یاران دانەی. د٤: ئاوێ دریابۆ: ئاو نەدریابۆ. د٥: ئازیز: ئامان. د١٥: هافەردانش: هافەردانم، هامدەردانش: هامدەردانم. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب١-٤٣٦ و ٤٣٧)

**شیعری ٣٨**: لە چاپەکەدا (٩) دێڕە و لە دەستنووسەکەدا (٧) دێڕە. دێڕی حەوتەم، دێڕی هەشتەمی چاپەکەیە.

کـــــزەی چـــزەی زام گرپەی گـڕەی دڵ    داخ دووریی دۆست دوورکەفتەی مەنزڵ (22v – 22r)

د١: داخ: دووریی، دۆست: دۆس، دوورکەفتەی: دوور. د٣: سۆچن: سۆچیان. د٤: بریشتە: بڕێژە، جەرگ جەفاکێش: دەروون پڕ جە ئێش. د٦: کەردەن: بییەن. د٧: گەرد: بووڵ. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب١-٥٦١ و ٥٦٢)

**شیعری ٣٩**: لە چاپەکەدا (٧) دێڕە و لە دەستنووسەکەدا (٤) دێڕە کە لە دێڕی چوارەمی دەستنووسەکەوە دەست پێ دەکات:

ئەو مەجنوونەکەی شێت و شەیدای تۆ        سەلام کیانا وە خاک پای تۆ (22v)

**شیعری ٤٠**: لە چاپەکەدا (٩) دێڕە و لە دەستنووسەکەدا (٣) دێڕە کە سێ دێڕی کۆتایی چاپەکەیە:

ئازیزم گەردەن بلووریی بێگەرد       ئــامانەتی تـۆ دڵەی پڕ جە دەرد (23r – 22v)

**شیعری ٤١**: ناونیشان: ولە رباعی (23r)

هیجرانت جــە طەرح بـــاد وەیشوومی    یەکایەک ئــەوراق جەستەی (مەعدوومی)

کەرد وە فەرش ڕای گوزەرگای یاران    بەرد پەی پای هەردان سارا و کۆساران

د١: جەستە: فەرد، گوزەرگا: گوزەرگە. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٣-١٢٩٤)

**شیعری ٤٢**: لە چاپەکە و دەستنووسەکەدا (٧) دێڕە. دێڕ شەشەم و حەوتەم پێچەوانەی یەکن:

گۆشەی ئاتەشخان دڵەی پڕ جە ئێش    بزیســــکەی ئـــــــــایر وەردا تێش (23r)

د٣: زامانی: زامان. د٥: دۆست: دۆس، نازان: بازا، پێش دەستیش: پێدەسیش. د٦: ئەر: وەر، بای: بی. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٣-١٥٦٠ و ١٥٦١)

**شیعری ٤٣**: لە چاپەکە و دەستنووسەکەشدا (٨) دێڕن. دێڕی شەشەم و حەوتەم پێچەوانەن:

ئیمشەو هــەر خـــــەمەن ها نە کەمیندا      هەر دەردەن مەدۆم وە ڕووی زەمیندا (23v)

د٦: هەستیم بنیەر: بنیەر هەستیم، ئاهیرەوە: ئایرەوە. د٧: لەرزە: لەرە، نەی: تەرز. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-٧٥٤)

**شیعری ٤٤**: لە چاپەکە و دەستنووسەکەشدا (٧) دێڕە. دێڕی چوارەم، دێڕی پێنجەمی چاپەکەیە. دێڕی چوارەمەی چاپەکە لە دەستنووسەکەدا نییە. مەولەوی ئەم شیعرەی لە وەڵامی شێخ عوسمان سیراجەدین نووسیوە کە تەزبیحێکی بە دیاری بۆ ناردووە:

جیلوەی جەلای جام دڵەی پڕ جە دەرد     فـــەرمابێت تەسبیح هــــا ڕەوانەم کەرد (24r – 23v)

د١: بێت: پەی. د٤: وضووی نما: زضوو و نما. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-٨٢٧ و ٨٢٨)

**شیعری ٤٥**: لە چاپەکەدا (١٤) دێڕە و لە دەستنووسەکەدا (١٢) دێڕە. مەولەوی ئەم شیعرەی لە وەڵامی شێخ عەبدوڵای داخیدا نووسیوە:

چون ئارەزووی وەصڵ نە تۆی مەحروومی     تەندەبێت نــــە تــــان فـــــەرد (مــــەعدوومی) (24r)

د٢: شەب نەدەرۆ: شەوەندەر. د٣: جارانش نەبی: جارانیش نەوی، لوای ڕووی: ڕووی لوای. د٤: وەک: دەک. د٨: سە: سێ. د٩: چون: جۆی. د١١: فەرماوان: فراوان. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-٧٨٢ و ٧٨٣)

**شیعری ٤٦**: ناونیشان: معدومی در جواب شیخ خلیفەء شیخ عثمان نویشتە.

لە چاپەکە و دەستنووسەکەشدا (٣٠) دێڕن:

شێخ دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی     یاگەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی (25r – 24r)

د٣: بەو: بە، تەجەللای: تەجەللی. د٩: بواتین:؟ د١٥: واچوون: واچوو. د١٨: وە: نە. د٢١: ضەمیر: ضەمیری. د٢٢: دەست: دەس. د٢٥: چەفتەن: غەفڵەتەن. د٢٧: گیای: گیان، تەژنەگی: تەشنەگی، دوای: واران. (قەرەداغی، ٢٠٢٣: ب٢-٩٥٢ تا ٩٥٨)

**ئەنجام:**

١-لە کەشکۆڵی عەبدولقادری فاوەجیدا (٣٣) پارچە شیعری مەولەوی هاتووە کە کۆمەڵێک جیاوازیی لاوەکیی لەگەڵ دیوانە چاپەکەیدا هەیە، کە لەسەر ئاستی پیت و وشە و ژمارەی دێڕەکان و پاشوپێشبوونی چەند دێڕێکن.


٢-زۆربەی جیاوازییەکان کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی واتادا نییە.

٣-لە (٣٣) پارچە شیعردا تەنها دوو شیعریان لە ژمارەی دێڕەکاندا هاوشێوەی چاپی دیوانەکەیەتی. هەمووان بەشێکی شیعرەکانن. بەشێکیان نووسەرەوە نەینووسیون و بەشێکیان بەهۆی لێکەوتنی پەڕە و لێواری پەڕەکانەوە، کەوتوون.

٤-زۆربەی شیعرەکانی مەولەوی سەربە ژانری نامەشیعرییەکانێتی کە بۆ هاوڕێیە شاعیرەکانی ناردووە.

٥-گرینگترین دەرنجامی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کە بۆ یەکەمجار شیعرێک خراوەتە ڕوو کە پەسنی مەولەوی دەکات و پێگەی مەولەوی لە شیعر و پایەی ڕووحانیدا بەرز دەنرخێنێت.

٦-ئەم تێکستە شیعرییە، پێدەچێت نامەشیعرێکی هاوڕێی مەولەوی بێت کە مخابن بەهۆی کەوتنی لاپەڕەکانەوە نەتوانرا ساغ بکرێتەوە کە هی کام کەسایەتیی هاوڕێی مەولەوییە.



**وێنە-١: ئاماژە بە مەولەوی و پێگەی وی لە کەشکۆڵەکەدا.**

sjh@univsul.edu.iq

SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**سەرچاوەکان:**


١-پاوەیی، میرزا عەبدولقادر. ٢٠١٧. دیوانی میرزا عەبدولقادری پاوەیی. کۆکردنەوە و ئامادەکردن: محەمەد ڕەشید ئەمینی. سنە: بڵاکراوەی کوردستان.

٢-جزیری، شێخ ئەحمەد. (١٣٦١). دیوانی عارفی ربانی شێخ احمدی جزیری مەشهور بە مەلای جزیری. شەرحی: هەژار. تهران: انشتارات سروش.

٣-جەفایی، شێخ عەبدوڵڵا. (١٩٨٠). دیوانی شێخ عەبدوڵڵای کوڕی شێخ حەمەئەمینی عەبابەیلێ. کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: محەمەد عەلی قەرەداغی. بەغدا: چاپخانەی شفیق.

٤-جەهان ئارا. ١٣٩٧. دیوانوو جەهان ئارا خانمی پاوەیی. گلێرکەردەی و ئەوەنویسەی: عەدنانی مورادی. پاوە: نەشر ئارۆ.

٥-حەریق. (١٣٦٨). دیوانی حەریق. لێکۆڵینەوەی: سەید نەجمەدینی ئەنیسی. مەهاباد: ناشر محمدی سقزی.

٦-ڕێبین، کاروان عوسمان خەیات. (٢٠١٦). دیوانی خانا. چ١. پێداچوونەوەی ئیدریس عومەر مەحموود. سنندج: نشر شوان.

٧-شیرازی، حافظ. ١٣٩٢. دیوان حافظ شیرازی. چاپ ١. به اهتمام: کامران کوهستانی. انتشارات شوبستان.

٨-فاوەجی، عەبدولقادر کوڕی عەبدوڕەحمان. (١٩٠٢). دەستنووسی کەشکۆڵی شیعری کوردی. کەرکووک: لە کتێبخانەی تایبەتی مامۆستا جەوهەر جەباری.

٩-کۆماسی. ئەحمەد بەگ. (١٣٩٠). دواینی ئەحمەد بەگی کۆماسی. کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی: موحەممەد عەلی سوڵتانی. وەرگێران و هێنانەوەی شیعرەکان بۆ سەر ڕێنووسی کوردی: کولسووم عوسمانپوور.

١٠-کۆیی. حاجی قادر. (١٣٩٠). دیوانی حاجی قادری کۆیی. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا. سنندج: انتشارات کردستان.

١١-مەحوی. مەلا موحەممەدی کوڕی مەلا عوسمانی باڵخی. (١٣٨٠). دیوانی مەحوی. چ٣. لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و محمدی مەلا کریم. سنندج: انتشارات کردستان.

١٢-موفتیزادە، محەمەد صدیق. (٢٠١٧). دیوانی مەولەوی. ئامادەکردن و پێداچوونەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی. سلێمانی: ناوەندی ئارا.

١٣-مەولەوی، عادل لەتیف. (٢٠٢٣). مەولەوی سەید عەبدوڕەحیمی تاوگۆزی مەعدومی سەربردێک لە ژیان و مشتێک لە خەرواری بەرهەمی. سلێمانی: پرۆژەی کتێبی NRT4 و نووسینگەی تەفسیر.

١٤-مەولەوی، مەلا عەبدوڕەحیمی تاوگۆزی. (٢٠٢٣). دیوانی مەولەوی. بەرگی١، چاپی٢. کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی محەمەد عەلی قەرەداغی. ئەندامی کارای ئەکادیمیای کوردی. هەولێر: بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٥٣٦).

١٥-نازدار، حەسەن. (٢٠١٠). ئەدەبیاتی نامە و نامە لای مەولەوی تاوگۆزی. چاپی١، سلێمانی: چاپەمەنی سایە.

١٦-نالی، مەلا خدر. (١٣٦٤). دیوانی نالی مەلا خدری ئەحمەدی شاوەیسی میکایەڵی. چو. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم. پێداچوونەوەی محمدی مەلاکریم. انتشارات صلاح الدین ایوبی.

١٧-واعیظ، سەلاحەدین عەبدولقادر. (٢٠١١). چەردەیەک شیعری مەولەوی لە دەستنووسێکی نێو کتێبخانەی مامۆستا سەیید عەبدولقادری واعیظدا. هەولێر: بەڕێوەبەرایەتیی بڵاوکردنەوەی هەولێر.

١٨-مرادی، عدنان و حیدر معاذی. (١٣٩٦). مشاهیر پاوه، شرح حال، آثار و زندگی شاعران پاوه ٩٠٠ – ١٣٠٠ هـ . ق، پاوه: انتشارات پاوه.

١٩-هەوار، مەهدی سەنەندەجی. (٢٠١٣). دیوانی مەعدووم (مەولەویی کورد). هەولێر: بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٢٧).

٢٠-هەورامی، عوسمان محەمەد. (١٩٩٨). کەشکۆڵی حاجی مەحموودی یارەویس. سلێمانی: چاپخانەی ئۆفسێتی بابان.

**شعر مولوى في كشكول غير منشورة**

**ملخص:**

مولوي التاوگوزي (١٨٠٦ - ١٨٨٢م) هو الشاعر الكردي الوحيد الذي سجلت نصوصها الشعرية في أكبر عدد من مجموعات وتم توزيعها في جميع أنحاء كردستان؛ التي تعرضوا لموجة مدرسة الشعر الكردية الگورانية. حتى أن بعض هذه المخطوطات وصلت إلى الدول المجاورة والدول الأوروبية. استخدم محمد علي قرداغي (١٩٤٩م) أكثر من (٤٨) مخطوطة من ديوان وكشكول وبياض في تدوين ديوانه ونشره. لكن منذ هذه المحاولة، أصبحت مخطوطات أخرى متاحة، ومن المؤكد أن هناك مخطوطات أخرى تحتوي على الاشعار وقصائد مولوي وربما الاشعار الغير المنشورة. على سبيل المثال، حصلنا على مخطوطة في المكتبة الخاصة للشاعر (جوهر الجباري) في مدينة كركوك التي لم تنشر لحد الآن. هذه مجموعة كتبها عبدالقادر بن عبدالرحمن الفاوجي وأكملها عام (١٩٠٢م). بالإضافة إلى العديد من قصائد مولوي، تحتوي المخطوطات على عدد من الأعمال الشعرية الأخرى باللغة الكردية (الكردية الوسطى والكردية الگورانية). مع قصتين قصيرين باللغتين الكردية والفارسية وبعض الهوامش. لقد شوهدت قصائد مولوي ونشرت بشكل عام، ولكن هناك بعض الاختلافات وهي أداة للمقارنة. ومن المثير للاهتمام أن هناك قصيدة في هذه المخطوطة، لأحد المعاصرين مولوي، تشير إلى مولوي. في هذا البحث، إلى جانب التعريف هذه المخطوطة ومقارنة قصائد مولوي مع الطبعة الأكثر اكتمالا والأحدث لديوانه، سنناقش بعض المعلومات الإحصائية عن أعماله الشعرية.

**كلمات مفتاحية:** مجموعة (كشكول)، الشعر الكردي، مولوي، معدوم.

**Mahwi's poetry in an unpublished Keshkol**

**Summary**:

Mawlawi Tawgozi (1806-1882) is the only Kurdish poet whose poetic texts have been documented in the largest number of poems collection and have been published throughout regions of Kurdistan that have been exposed of the Kurdish poetry school of Gorani. Some of these manuscripts have even reached adjacent nations and European. Mohammad Ali Qaradaghi (1949) In collecting and publishing of the Diwan has used more than 48 manuscripts of Diwan, poems collection. But after this attempt, other collections have occasionally opened, and there are definitely others that contain Mawlawi's poetry. perhaps, even unseen poetry. For instance, the existence of a manuscript in the private library of the poet (Jawhar Jabari) in Kirkuk has not been proved yet. This poems collection was written by (Abdul-Qadir Abdul- Rahman Fawaji) and completed in 1902 AD. instead of a few Mawlawi poets، it contains some of other several poems in Kurdish language (Central Kurdish and Gorani Kurdish). With two short prose in both Kurdish and Persian and some margins. Mawlai's poems have been generally seen and published, but there are some differences, and they are a tool for comparison. Interestingly, a poem in this manuscript, which belonged to a contemporary of Mawlawi, refers to Mawlawi and his diwan. In this paper, along with introducing the manuscript and comparing Mawlawi's poems with the most complete and latest edition of his diwan, we will discuss some statistical information about his poetic works.

. **Keywords**: Collection (Kashkol), Kurdish poetry, Mawlawi, Ma'doom.

sjh@univsul.edu.iq